کەمسیۆن ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کە کارتی بایەمتریان نوێکردووەتەوە بڵاودەکاتەوە

کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کە کارتی بایەمتریان نوێکردووەتەوە، بڵاوکردەوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە ١٨ی ئایاری ٢٠٢٥، میدیا عێراقییەکان بڵاویان کردەوە، کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کە کارتی بایەمتریی دەنگدانیان نوێکردووەتەوە راگەیاند و دەڵێت، ژمارەیان گەیشتووەتە ملیۆنێک و ٢٩٢ هەزار و ٤٥ کەس.

دەشڵێت، نزیکەوا بە ٢٠١ هەزار و ١٨٢ دەنگدەر پێشنگی ریزبەندییەکەی گرتووە، دوای ئەویش بەغداد بە ١٣٧ هەزار و ١٢٢ کەس لە پلەی دووەمدایە و کەرخ بە ١٢٧ هەزار و ٧٠٢ دەنگدەرەوە لە پلەی سێیەمدایە.

ئاماژەی بۆشکردووە، هەولێر بە ٩٥ هەزار و ٤١٧ دەنگدەر پلەی چوارەمی ریزبەندییەکەی بەدەستهێناوە، سەڵاحەدین بە ٧٤ هەزار و ٨٠٨ دەنگدەر پلەی پێنجەمە، ئەنبار بە ٧١ هەزار و ٨٢٥ دەنگدەر لە پلەی شەشەمدایە و، کەرکوکیش بە ٧١ هەزار و ٤٠٧ دەنگدەر پلەی حەوتەمی بەدەستهێناوە.